# پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان لەشێوە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا

د. شێرزاد سعید صدیق
زانکۆی سۆران
فاکەڵتیی ئاداب
بەشی زمانی کوردی

گۆران وسو حمد
وەزارەتی پەروەردە

## پێشەکی

هەر زمانێکی تایبەتی ژمارەیەکی دیاریکراو لەدەنگی هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو زمانەکان ژمارەی دەنگەکانیان وەك یەك بێت، ئینجا هەر زمانە و بەپێی پێوستی و تایبەتمەندی خۆی ژمارەیەکی دیاریکراو فۆنیمی لەو دەنگانەی خۆی هەڵێنجاوە، واتا فۆنیمەکان لەو دەنگە دیاریکراوانەن، کە لەدروستکردنی یەکەی لەخۆیان گەورەتری وەك و برگە و وشەو زاراوە جۆربەجۆرەکان بەشداری دەکەن. دەنگەکان لە ئاستی دەنگسازیدا توێژینەوەیان لەسەردەکرێت. کارلێککردن و کاریگەریی دەنگەکانی زمان لەسەر یەکتر و ڕوودانی ئەو گۆڕانگاریانەی دەنگەکان بەپێی شوێن و سازگەی دەنگەکان و گرپی دەنگەکان دەورو گاریگەری خۆیان دەبێ لەسەر ئەو گۆڕانانەی کە لە پرۆسە فۆنۆلۆجییەکانی زماندا دێتەکایەوە، سروشتی دەنگەکانی زمانیش لەوەدایە هەندێ لەفۆنیمەکانی زمان لەکاتی پێکەوەهاتن بۆ پێکهێنانی یەکەی زمانی لەخۆیان گەورەتر بەپێی یاساکانی زمان بەو تایبەتمەندییانەوە دەبێ کەزمانەکە هەیەتی هەندێ فۆنیم بەدوای یەکدا نایەن و هەندێ جاریش فۆنیم زیاد دەبێ یان فۆنیم تێدەچێت، هەموو ئەو حاڵەتانەش کە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی زماندا ڕوودەدەن شتێکی سروشتییە، لە زۆربەی زمانە جیاجیاکانی جیهاندا دەبینرێت.

توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ شێوە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتی و کەرەستەی توێژینەوەکە لە ئاخاوتنی رۆژانەی ئاخێوەرای ناوچەکە وەرگیراون و لە هەندێ شوێنیش بە پشت بەستن بە زانیارییە زمانییەکانی توێژەر نموونەی پێویست هێنراوەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە: ئایا لە شێوە ئاخاوتنی مەنگۆڕایەتی، پرۆسە فۆنۆجییەکان کاران و بوونیان هەیە؟ تایبەتمەندییە زمانییەکانی شێوە ئاخاوتنی مەنگۆڕایەتی کامەن کە پەیوەستن بەم پرۆسە فۆنۆلۆجییانە؟


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر گونجان، نەگونجان، سوان و زیادبوونی دەنگ، دەنگەگۆڕکێ، جێگۆڕکێ و تێکەڵکردنی دەنگ لە شێوە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا کراوە.

## پوختەیەك لەسەر پرۆسەکان

هەر زمانێك لەپرۆسەی پێکهێنانی یەکەی زمانی کە لە پێکەوە هاتنی فۆنیمەکانـدا دروست دەبن جیاوازە چونکە زمانەکان خاوەنی کۆمەڵێ یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆیانن و لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسایانەدا فۆنیمەکانیان دەچنەپاڵ یەك و دەکەونە بەرکۆمەڵێ کارلێکی کاریگەر و کار لەیەکتر دەکەن و هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لەدەنگەکانی زماندا دروست دەبن کە بەپرۆسە ناودەبرێن. گۆڕانە دەنگیەکانیش بەشێکن لە تایبەتمەندیی زمان، لە زمانی کوردیشدا کۆمەڵێ گۆڕانی دەنگیی کاریگەر بەرچاو دەکەون لەوانە: دەنگەگۆڕکێ، جێگۆڕکێی دەنگ، لێکچوونی دەنگ، پێکەوە گونجان و نەگونجانی دەنگ، تێچوونی دەنگ و زیادبوونی دەنگ، هەموو ئەو گۆڕان و تایبەتمەندییانەش وادەکەن کەپرۆسەو کردەی ئاخاوتن لەزماندا ئاسانتربێت و ئاخێوەرانی زمانیش هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان، کە زمان لەکاتی بەکارهێنانیدا بەپرۆسەیەکی لەباردا تێپەڕێت و وزەو کاتێکی کەمتر سەرف بکات تاکو زیاتر سوود لەبەکارهێنانیدا وەربگرن .

لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا زۆر لەم گۆڕانانە بەرچاودەکەون، کەبەسەر فۆنیمەکانی زماندا دێن، دواتر دەیانخەینەڕوو، سەرەتا هەندێ بۆچوونی زمانناسان لەسەر پرۆسە فۆنۆلۆجیەکان وەردەگرین ئینجا یەك لەو گۆڕانە دەنگییانە بەنموونەوە باس دەکەین.

" بەکارتێکردن و کاریگەریی فۆنیمەکان و چۆنیەتی دەرکەوتنیان دەوترێت پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان، پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان، تایبەتمەندییەکانی ئاستی فۆنەتیکن لەئاستی فۆنۆلۆجیدا، بەو واتایەی ئەوە دەخاتەڕوو شێوەی بنچینەی زنجیرە فۆنیمەکان و وشەو مۆڕفەکان چۆن دەدرکێنرێن ." (مشکوه الدینی،٢٠٠٥. ١٣٠ )

کەواتە کارتێکردن و کاریگەریی فۆنیمەکانی زمان لەکاتی پێکەوەهاتن بۆکردەی پێکهێنانی کەرەستەی واتاداری زمان و چۆنییەتی دەرکەوتنی ئەو فۆنیمانە لەناو وشە و فۆرمە جیاوازەکانی زماندا پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان بەرهەم دێنن. بەواتایەکی تر " پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان دەلالەت بۆ جۆرێك گۆڕانی پێکهاتەیی لە پێکهێنەرە فۆنیمییەکانی زمان دەکەن" (بی جن خان، ١٣٨٩، ١٨٥) دەکرێت بەگۆڕین و کارلەیەککردنی فۆنیمەکانی زمان لەدروستکردنی مۆڕفیم و وشە جۆربەجۆرەکان لەکاتی دەربڕین و گۆکردنی ئەو دەربڕاوە زمانیانەدا ئەو پرۆسەیە بێتەدی.

(آیت الله رزمجو) پێی وایە، کە " شێوەکانی لێکدان و پێکەوە هاتنی زنجیرەیەك فۆنیم لەمۆڕفیم و وشەدا گۆڕانی فۆنیمی دێننەکایەوە لەکاتی گۆکردندا، ئەو گۆڕانانە پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان دەگرێتەوە، وەکو گۆکردنی وشەی (پەمبە) بە (پەنبە)" (آیت الله رزمجو،١١٤ ،١٣٨٦)

نووسەر ئاماژەی بەکۆمەڵێ گۆڕان کردووە، کە لە فۆنیمەکانی زماندا ڕوودەدەن لەکاتی پێکەوە هاتن و ڕیزبوونی فۆنیمەکان لەدروستکردنی مۆڕفیم و وشەکاندا لەوانە گونجان، نەگونجان، گۆڕانی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ، زیادبوونی دەنگ، سوانی دەنگ و ڕێك کەوتن لەدەنگدا .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

محەمــەدی مــەحوی پێــی وایــە، کــە "وشــەکان و مۆرفیمــەکان لەدەربڕینــدا دەگــۆڕێن و دەربــڕینی گــۆڕدراوی جۆراوجۆریان هەیە، دەربڕینە جۆراو جۆرەکانیـان وابەسـتەی هەنـدێ مـەرجن، ئـەم ئەلتەرناسـۆنانە (دەربڕینـە گۆڕدراوە جۆراوجۆرەکان) ناوی "پرۆسەی فۆنۆلۆجیان" لێنراوە" (محەمەدی مەحوی،٢٠٠٨، ١٧)

لـەکاتی دەربـڕینی وشـە و مۆرفیمەکانـدا، گـۆڕانی دەنگـی دێتەکایـەوە و دەربـڕینی جـۆراو جـۆر لـە وشـە و مۆرفیمەکاندا هەستی پێ دەکرێت، بـەڵام هەریـەکێ لـەم گۆڕانـە دەنگییانـە بەشـێوەیەکی هەڕەمـەکی نایەتـەدی، بەڵکو بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمان ئەو گۆڕانە دەنگییانە دروست دەبن و بەپرۆسە فۆنۆلۆجییەکان ناودەبرێن .

هـەموو ئـەو گۆڕانگارییانـەی کـە لـە فۆنیمـەکانی زمانـدا ڕوودەدەن، دوای ئـەوە دێتـە کایـەوە، ئـەو فۆنیمانـە بەشــێوەیەکی زنجیرەیــی بــەدوای یەکــدا دێــن بــۆ پێکهێنــانی کەرەســتەی زمــانی واتــادار بەمەبەســتی ئاســان بەڕێوەچوونی کردەی ئاخاوتن .

وریا عومـەر ئـەمین، ئـەوە دەخاتـەڕوو هـەرکاتێك " فۆنیمـەکانی زمـان دەکەونـە پـاڵ یـەك بەشـداری دەکـەن لەدارشتن و پێکهێنانی یەکـەی لـەخۆیان گـەورەتری وەك (بڕگـە، وشـە و ڕسـتە) کارلێـك دەکـەن، بەمـەش چـەند گۆڕانگارییەك لەدەنگەکانـدا دروسـت دەبـن، واتـا لەئـەنجامی ئـەم کارلێککردنانـەدا دەنـگ هەیـە دەگـۆڕێت، هەیـە پەیادەبێ، هەیە دەفرتێ و دەتوێتەوە... هتد". (وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤، ٣٠١ )

بۆ ئەوەی کردەی ئاخاوتن بەتێچوونێکی کـەمتر و بەئاسـانترین شـێوە بێتـە ئـاراوە، هەمیشـە قسـە پێکـەرانی زمان لە هەوڵی ئەوەدان ئاخاوتنێکی بێ گرێ و گـۆڵ و ئاسـان بێتـە کایـەوە، ئاخـاوتنی لـەو شـێوەیەش دوای ئـەو گۆڕانــە دەنگییانــە دێتــە بەرهــەم، کەبــەهۆی کارلەیــەك کــردن و کــارتێکردنی دەنگــەکانی زمــان لەســەر یــەکتری ڕوودەدات بەشێوەیەك، ئەو گۆرانانە لەگەڵ یاساو ڕێساکانی زماندا بگونجێن .

## ١) گونجانی دەنگ: Assimilation

لەکاتی دروست بوونی یەکەی زمانی جۆراوجۆر کۆمەڵێ گۆڕان لەدەنگـەکانی زمانـدا دروسـت دەبـن. گونجـانی دەنگیش "دەستەواژەیەکە، کەدوو فۆنیم پێکەوە لەیەك بڕگە یان وشەدا دەگونجێن و کاریگەر دەبن لەگەڵ یـەکتر و دەگونجێت هاوشـێوە و هـاودەنگ بـن بـەبێ تێکدانی مانـا، واتـا واتاکـەیان ناگۆڕێت، وەکو: ازدواج ⟵ ازتـواج ، ازدحام ⟵ ازتحام" ( مهری باقری، ١٣٨٨ ، ١٢٦)

لـەم گۆڕانـەدا، دەکـرێ دوو فـۆنیم بـەدوای یەکـدا کـار لەیـەکتر بکـەن و لـە ژێرگاریکـەریی فۆنەتیکیـدا ئـەو فۆنیمەیان ئەو فۆنیمانە بگۆڕێن بە فۆنیمێکی تر بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر واتای وشـەکە، چونکە گـۆڕانی لـەو شێوەیە بەسروشتی دادەنرێت لەدەنگەکانی هەر زمانێکی دیاریکراودا، زمانی کوردیش یەکێکە لـەو زمانانـەی، کـە گــۆڕانی لەوشــێوەیەی تێــدا بەرچــاودەکەوێت، لــەئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشــدا گــۆڕانی لــەوجۆرە بــەڕوونی بەرچاودەکەون، وەکو: ئِزدواج ⟵ ئیستیواج، ئِزدحام ⟵ ئیستیحام ، ژماردن ⟵ شمارتن

لــەم دوو نموونەیــەدا هــەردوو فــۆنیمی / ز، د/ گــۆڕاون بــەفۆنیمی / س،ت/ ، هەرچــەندە لــەدەربڕین و لەفۆڕمیشـدا گۆڕانکـاری لـە وشـەکەدا دروسـتکردووە، بـەڵام وشـەکە بـۆ هـەمان واتـای پێشـوو بـەکاردێت و مانـاو

مەبەستی خۆی لەدەست نەداوە، لەنموونەی (ژماردن) یشدا فۆنیمـەکانی / ژ، د/ گـۆڕاون بـۆ فـۆنیمی / ش، ت/ و فۆڕمی وشەکەیان گۆڕیوە، بەڵام وشەکە هەمان واتا دەدات بەدەستەوە .

" گۆڕانی دەنگێك بۆئەوەی لەدەنگێکی دراوسێی بچێت، مەبەست لـەگونجان ئاسـانکردنی درکاندنـە. هـەروەها هۆی ڕوودانی ئەم دیاردەیە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ بـارودۆخی ئەنـدامانی دوان" . (طالـب حسێن علـی، ١٩٨٩، ٤٩) ، نووسـەر، ئـەو جـۆرە گۆڕانـە دەنگییانـە دەگێڕێتـەوە بـۆ بـارودۆخی ئەندامـەکانی درکانـدن و پێـی وایـە ئەوگۆڕانانە درکاندن ئاسان دەکەن، دیارە لەم جۆرە گۆڕانانەدا دەنگێـك بـۆ ئـەوەی لـە دەنگێکی دراوسێی بچێت گۆڕانکاریەکـە دروسـت دەکـات، بـەڵام هـەموو ئـەو گۆڕانـە دەنگییانـە پێویسـتە لەچواچـێوەی قـاڵبێکی یاسـای فۆنۆلۆجیدا بێتە ئاراوە، چونکە گۆڕانی فۆنۆلۆجی لەهـەر زمانێکدا بەشـتێکی سروشـتی ئـەژمار دەکرێـت زیـاتر بەمەبەستی ئاسانکردن و خۆشکردنی کردەی ئاخاوتن و درکاندنە .

گونجانی دەنگەکانی زمان دەکرێن بەدوو بەشەوە:

أ- **گونجانی تەواو**: لەم جۆرە گونجانەدا گۆڕان لـە فۆنیمـەکانی پێکهاتـەی وشـەدا ڕوو دەدات لـە ژێـر کاریگـەری فۆنەتیکدا دەنگێك کارێگەری هەبێ بەسەر دەنگێکی دراوسێی تاکو بەتەواوی لەو دەنگە بچێت و کردەی ئاخـاوتن ئاسـانتر بکـات، بـەواتای ئـەوەی، "دەنگـێگ دەگـۆڕێت بـۆ ئـەوەی بەتـەواوی لـە دەنگێکـی تـر بچـێت، واتـا دەنگـی کـارلێکراو دەگـۆڕێـت بـەدەنگی کـارتێکردوو، ئـەم دیاردەیـە پێـی دەگوترێـت گونجـانی تـەواو (complete assimilation) " (دلبەر إبراهیم فەرەج شاڵی، ٢٠٠٠، ٥٣ )

ئـەم دیاردەیـە بەمەبەسـتی ئـەوە دێتەکایـەوە، تـاکو کـەمترین وزە بـەکاربێت لـە کـردەی ئاخاوتنـدا، ئەمـەش وادەکـات ئاخـاوتن ئاسـانتر بکـات و ماسـولکەکانی ئەنـدامانی ئاخـاوتن لـەکاتی درکانـدنی دەربڕاوەکانـدا ئاسـانتر جوولەیان بۆ بکرێت .

لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا نموونەی لـەو شـێوەیەمان زۆرە، بەئاسـانی هەسـت بـەبوونی ئـەو جـۆرە گۆڕانـە دەنگیانە دەکرێت لەکاتی درکاندنی وشەکاندا بەتایبەتی ئەگـەر هـەردوو دەنگـی /د، ت/ لەتـەك یـەکترەوە بـێن و دەنگی / د/ بکەوێتە پێش دەنگی / ت/ وە لە وشەکەدا، ئەوکاتە گۆڕانێکی دەنگی لـەو وشـەیەدا ڕوودەدات بـەبێ ئەوەی کار لەواتای وشەکەدا بکات، بەڵکو گۆڕانەکە تەنها گـۆڕانێکی فۆنۆلـۆجی دەبێـت و فـۆنیمی / د/ دەگۆڕێـت بەفۆنیمی / ت /، بەمـەش وێـڕای گـۆڕانی فۆنۆلـۆجی، گـۆڕان لـە فـۆڕمی وشەکەشـدا پەیـدادەبێت، ئەمـەش کلـۆر بوونی دەنگی [ د ] زیاتر ڕۆڵی هەیەو بە دەنگی [ ت ] دەخوێنرێتەوە، بـەڵام زۆر زەحمـەت و کرانـە دوو دەنگـی [ ت ] لەسەر یەك بگوترێن، بۆیە بەشێوەیەکی ئاسانتر بەیەك دەنگی [ ت] دەخوێنرێتەوە، وەکو:

خواردتان ← خوارتتان، بۆ ئاسان دەربڕین بە (خوارتان) دەخوێندرێتەوە .

ناردتان ← نارتتان، بۆ ئاسان دەربڕین بە (نارتان) دەخوێندرێتەوە .

شردتان ← شرتتان، بۆ ئاسان دەربڕین بە (شرتان) دەخوێندرێتەوە .

قرتاندتان ← قرتانتتان، بۆ ئاسان دەربڕین بە (قرتانتان) دەخوێندرێتەوە .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

"گونجانی تەواو لە نێوان هەندێك لە دەنگەكاندا ئەوەندە پێك دێت ناشێ هیچ فورساییەك بخرێتە سەر دەنگە وەستاوەكەی پێشەوە" (مسعود محەمەد، ١٩٧٥، ٦٠٤ )

گۆڕانی لەم شێوەیە لە دەنگەكانی زمانی كوردیدا، بەتایبەتی لەئاخاوتنە ناو خۆیی و زارە جیاوازەكاندا بەشێوەیەكی بەرچاو هەست بەبوونی دەكرێت، كاتێك دەنگێك جێی دەنگێكی دیكە دەگرێتەوە لە پێكهاتەی وشەدا، بێ ئەوەی واتای جیاواز دروست بكات، دیاردەی لەم شێوەیە لەزماندا وەك گۆڕانێكی ئاسایی لەسروشتی زماندا ئەژمار دەكرێت. لەدركاندنی دەستەواژەی (كردتان)هەردوو دەنگی / د،ت/ پێكەوە هاتوون و لەدەربڕیندا دەنگی / د/ كە كەوتۆتە پێش دەنگی / ت/ بەفورسی دێتە گۆكردن و لەدركاندندا بەزەحمەت دێتە كۆكردن بۆ ئەوەی ئاخێوەر خۆی لەو زەحمەتە ڕزگار بكات دەنگی / د/ بەدەنگی / ت/ دەردەبڕێت و دەنگەكە دەگۆڕێت و دەستەواژەكە دەبێتە (كرتتان) ، بەم جۆرە گۆڕانە دەنگییە دەوترێت (گونجانی تەواو) .

ب- **گونجانی ناتەواو**: ئەم جۆرە گۆڕانە پەیوەندی بە سازگەی دەنگییەوە هەیە، چونكە كار لە سیفەتەكانی دەنگ دەكات، دەنگێك كار لەدەنگێكی تری هەمان وشە دەكات و یەكێك لەسیفەتەكانی گڕی یان گپی یان قەڵەوی بەدەنگەكە دەبەخشێ لەكاتێكدا كە ئەم دوو دەنگە بەدوای یەكدادێن.

گونجانی ناتەواو "ئەو گونجانەیە كە بەشێك یان سیفەتێك لەدەنگەكە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگە كارتێكراوەكەدا بگونجێ لەسیفەتی گڕی یان كپی یان لەڕووی قەڵەوییەوە" (طالب حوسێن، ٢٠٠٥، ١٤٢ )

ئەم جۆرە گۆڕانە دەنگییە لەچەند حاڵەتێكی جیاجیادا بخرێتە ڕوو، چونكە پەیوەندی بەسیفەتەكانی گڕی و كپی و قەڵەوی دەنگەكانەوە هەیە و هەریەكێكیش لەم سیفەتە دەنگییانە گۆڕانێكی دەنگی جیا لەوانی دیكە دروست دەكات. ئەمانەی خوارەوە بەشێكن لەو گۆڕانە دەنگییانە:

١- **گۆنجانی ناتەواو لەڕووی گڕی دەنگەوە**: ئەم گۆڕانە دەنگییە، جۆرێكە لەجۆرەكانی گۆڕانی گونجانی ناتەواو، لەكاتێكیشدا بەدی دەكرێت، كە "دەنگێكی كپ دەگۆڕێت بەدەنگێكی گڕ بۆئەوەی لەگەڵ دەنگێكی دیكەدا بگونجێت لەسیفەتی گڕیدا و ئەو گۆڕانگارییەش زیاتر لەو دەنگانەدا ڕوودەدات كە دەنگەكە (گڕ و كپی) هەبێ لەبەرانبەر خۆیدا " (طالب حسێن علی ،١٩٨٩، ٥٢)

ئەمەش چەند نموونەیەك، كە لەئاخاوتنی مەنگۆڕایەتیدا بەڕوونی بەرچاودەكەون :

پاش + نوێژ ← پاژنوێژ ، پێش + گر ← پێژگر ، دانیشتبوو ← دانیژبوو

وس + بە ← وزبە ، دەست + بەند ← دەزبەن

لەم نموونانەی سەرەوەدا، تایبەتمەندی سیفەتی گڕی و كپی لە فۆنیمەكاندا بەدی دەكرێت بەجۆرێك، كە فۆنیمی / ش/ ، لە نموونەكانی (پاش نوێژ، پێشگر و دانیشت بوو) دا فۆنیمێكی كپەو گۆڕاوە بەفۆنیمی / ژ/ فۆڕمی نموونەكانی كردووە بە (پاژنوێژ، پاژگر و دانیژبوو )، فۆنیمی / ژ/ فۆنیمێكی دیاری زمانی كوردییە و سیفەتی گڕی هەیە، لەم گۆڕانەدا فۆنیمی / ش/ گۆڕاوە بەفۆنیمی / ژ/، و لە هەدوو نموونەی (وسبە و دەست بەند) دا، فۆنیمی /س/ كە فۆنیمێكە سیفەتی كپی هەیە گۆڕاوە و بووە بەفۆنیمی / ز/ كە فۆنیمێكە سیفەتی گڕی هەیە و هەم دەنگ و هەم فۆڕمی وشەكانی گۆڕیوە و بووە بە (وزبە و دەزبەن) واتا فۆنیمی / س/ دەبێتە

فۆنیمی / ز/. ئـەم گۆڕانانـە لـە دەنگـەکانی زمانـدا کـارێکی ئاسـایی یـە و دەشـێ لـە هـەر زمـانێکی تایبەتـدا ئـەم جۆرەگۆڕانانە ڕوودەن، چونکە ئەو گۆڕانانە بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی دەنگەکانی زمان و هەنـدێ جار کـە ئەو دەنگانە پێکەوەدێن و دەکەونە پاش یا پێش یەکتر کارلێك دەکەن و ئەو جۆرە گۆڕانانە دروست دەکەن.

٢- **گونجانی ناتـەواو لـەڕووی کپیی دەنگـەوە:** لـەم جـۆرە گۆڕانـەدا، دەنگـی گـڕ بـە دەنگـی کـپ دەگۆڕێـت، و دەنگونجێنێ لەگەڵ دەنگێکی دیکەی ناو هەمان وشە لە سـیفەتی کپییـدا . لـەئاخاوتنی مەنگورایەتیشـدا چـەندین نموونە کە گونجانی ناتەواو لەڕووی کپی دەنگییەوە دروست دەکات، بەدی دەکرێن، وەکو:

پێنج دینار ← پێنچ دینار، چی بکەم← چی پکەم

لە نموونەی یەکەم، ( پێنج دینار)، بۆتە پێنچ دینار، واتا گۆڕانی دەنگی لە وشەی (پێنج)دا بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، لەم گۆڕانەدا فۆنیمی / ج/ ، کە فۆنیمێکە و سیفەتی گڕیی هەیە گۆڕاوە بەفۆنیمی / چ/ ، کە سیفەتی کپیی هەیە، واتا فۆنیمی / ج/ ی گڕ گۆڕاوە بە فۆنیمی /چ/ ی کپ، لە نموونەی دووەمدا، جی بکەم بۆتە چی بکەم، گۆڕانی دەنگی لە وشەی (بکەم) دا ڕووی داوە و لەگۆکردندا زۆر بەڕوونی هەست بەبوونی ئەو گۆڕانە دەنگییە دەکرێت. فۆنیمی / ب/ گڕ گۆڕاوە بە فۆنیمی / پ/ ی کپ و سیفەتی کپی پێ بەخشیوە، واتا فۆنیمی / ب/ دەبێتە فۆنیمی /پ/.

٣- **گونجانی ناتەواو لەڕووی قەڵەویی دەنگەوە:** (بریتی یە لەگۆڕانی دەنگی سووك بـەدەنگی قەڵـەو، واتـا لـەو گونجانەدا دەنگێکی سووك دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەنگێکی قەڵەوەوە، دەنگە کارتێکراوەکـە سـیفەتیی قەڵـەوی وەردەگرێت، کەواتە مەرجە لەو گونجانەدا دەنگە کارتێکردووەکە دەنگێکی قەڵەو نێـت و دەنگـە کارتێکراوەکـەش دەنگێکی سووك بێت) (طالب حسێن علی، ١٩٨٩، ٥٣ )

لـە ئاخـاوتنی مەنگوڕایەتیـدا، ئـەم دیاردەیـە، واتـا، بەقەڵـەوی دەربـڕینی هەنـدێ وشـەی زمـان بـوونی هەیـە، هەرچەندە لەو جۆرە گونجانەدا هیچ دەنگێك ناگۆڕێت بەدەنگێکی جیاواز لەخۆی، بەڵکو دەنگە کارتێکراوەکە لـە شێوەدا دەگۆڕێ بۆ شێوەیەکی دیکە، کە هەردوو شێوەکە ئەلۆفۆنی یەکترن، ئەم حاڵەتـە لەکاتێکـدا ڕوودەدات، کـە فۆنیمی / ڵ/، وەك فۆنیمێکی قەڵەو لە سیفەتدا کاریگەریی دەخاتە سـەر فۆنیمـەکانی دەوروبـەری لـە پێکهاتـەی وشەکە، کەفۆنیمی سوکن لە سیفەتدا، ئەم حاڵەتـەش پەیوەنـدیی بەئەنـدامانی دوانـەوە هەیـە، واتـا بەچـۆنیەتی دەربڕین و درکاندنی دەنگەکانی زمان لەدروسـتکردنی وشـەدا، کەواتـە گـۆڕان لـە جووڵـە ولەرینـەوەی ئەنـدامانی ئاخاوتندا ڕوودەدات ئینجا گۆڕانەکە دێتە ئارا، وەکو:

سڵق ← صڵق ، سەڵت ← صەڵت

لـەم دوو نموونەیـەدا، فـۆنیمی / ڵ/، کـە فـۆنیمێکی قەڵـەوە کاریکردۆتـە سـەر فـۆنیمی / س/، کـە فـۆنیمێکی سووکە و سیفەتی قەلەویی بە (س) بەخشیوە و شێوەی فۆنیمەکـەی لـە (س) گۆڕیـوە بـۆ (ص)، (س) و (ص) لـە زمانی کوردیدا بەیەك فۆنیم ئـەژمارکراون و (س)، یەکێکـە لـە فۆنیمـەکانی زمـانی کـوردی و (ص) ی ئـەلۆفۆنی فۆنیمی/ س/ ە، بەڵام (ص) سیفەتێکی قەڵەوتری هەیە لە (س) لە دەربڕیندا.

هەروەها لە نموونەکانی ( تەڵە ←طەڵە، تەقەڵ ←طەقەڵ، تاوڵ ←طاوڵ، تاڵ← طاڵ) هەمان دیاردە و حاڵەتی نموونەکانی (سلق ، سەڵت)، بەدی دەکرێت، کە سیفەتی قەڵەوی دەنگیان دروست کردبوو.

**٢) نەگونجانی دەنگ ( Dissimilation )**

نەگونجانی دەنگیش یەکێکی دیکەیە لەو تایبەتمەندییە دەنگیانەی لە زۆربەی زمانەکاندا بوونی هەیە. یەکێك لەو تایبەتمەندییە دەنگیانەی زمانی کوردیش ئەوەیە، کە هەرگیز دوو دەنگی بزوێن بەدوای یەکتردا نایەن و هیچ وشەو برگەیەکیش بەدەنگی بزوێن دەست پێ ناکات، لە لایەکی تریشەوە هیچ وشەیەکیش بەدەنگەکانی (ر)ی سوك و (ڵ)ی قەڵەو دەست پێ ناکات، واتا هیچ کام لەم دوو دەنگە ناکەونە سەرەتای وشەوەو، و لەدوای دەنگی [ ڕ] ی قەڵەویش هیچ کام لەدەنگەکانی [ل،ڵ] نایەن، هەمان ئەو تایبەتمەندیانە لەشێوە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا بە شێوەیەکی دیار بوونیان هەیە، کەواتە چۆن لە زماندا هەندێ دەنگ کردەی گونجان دێننە ئاراوە و جێی دەنگێکی دیکە دەگرنەوە، کردەی نەگونجانیش بەهۆی نەهاتنی چەند دەنگێکی زمانی لە پێش یا لەدوای دەنگی دیکەوە دروست دەبێت.

نەگونجانی دەنگ: " دیاردەیەکە، کە یەك دەنگ بۆ لەدایك بوونی دەنگێکی تر کاریگەری هەیە، بەشێوازێکی وا کە لێکچوونیان کەمتر نیشان بدات، یا دەگۆڕێت بۆ دوو دەنگی جیاواز، ئەمەش دەبێتە نەگونجانی دەنگ" (علی رضایی ، ١٣٨٧ ، ٩٧)، کەواتە " نەگونجانی دەنگ دیاردەیەکە بەتەواوی پێچەوانەی گونجانی دەنگە" (آیت الله رزمجو، ١٣٨٦ ، ١١٧)

ئەگەر گونجان و نەگونجانی دەنگ بەتەواوەتی پێچەوانەی یەکتریش بن، دەکرێ بەگۆڕانی دەنگی و جۆرێك لەتایبەتمەندی زمان ئەژمار بکرێن " لەهەندێ حاڵەتدا دوو دەنگی وەك یەك، کە لەپاڵ یەکتردا دەردەکەون یەکێکیان دەگۆڕێت بەدەنگێکی تر، یان دەنگێکی تر دەچێتە بەینیانەوە، لەبەر بۆ نەهاتن و قورسی درکاندنی دوو دەنگەکە بەسەر یەکەوە، لەو شوێنانەی پێویست بکات" (دەروون عبدالرحمن صالح، ٢٠١٢، ٨٦ )

یان لەبەر نەهێشتنی لێڵی واتایی، وەك لە وشەی: بردن ← برا، لێرەدا هەردوو دەنگی [ د، ر] زیات دەکرێت و وشەکە دەبێتە (بردرا) تاکو لەگەڵ وشەی ( برا) ی ناوی کەس لێك جیا بکرێتەوە .

لەئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا هەندێك دەنگ زۆر کەم بەکاردێت وەکو دەنگی [ڤ]، و هەرگیز ناگونجێت هەردوو دەنگی [ڤ، ڵ] ، یان دوو دەنگی [ ژ، ڵ] بەدوای یەکتردا بێن.

**٣) زیادبوونی دەنگ**

یەکێکی تر لەو گۆڕانانەی کەبەسەر فۆنیمەکانی زماندا دێت دیاردەی زیادبوونی فۆنیمە کە دێتە ناو پێکهاتەی وشە و دەربڕاوەکان دەکرێ ئەم زیادبوونە لەهەر شوێنێکی وشەدا بەرچاوبکەوێت بەتایبەتی لە ناوەڕاست و دواوەی وشەدا.

لەهەندێ دۆخدا " دەکرێت بزوێنێك یان نەبزوێنێك لە وشەیەکدا پەیدابێت یان زیادبکرێت، ئەمەش پێی دەگوترێت Epenthesis " (غازی علی خورشید، ٢٠١٠، ٢٠١ )


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە واتایەکی تر، چۆن لەتێچوونی دەنگ دا، دەنگێك تێدەچێت ولە خوێندنەوەشدا فەرامۆش دەکرێت، لەکردەی زیادبوونی دەنگیشدا، لەپێکهاتەی وشەکەدا، فۆنیمێك زیاد دەبێت، لە دەربڕین و خوێندنەوەشدا گۆدەکرێت و هەردوو حاڵەتەکە بەگۆڕانی دەنگی ئەژماردەکرێن لەزماندا.

لەشێوە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا، هەندێك نموونە دەخەینەڕوو کە زیادبوونی دەنگ تیایاندا بەدی دەکرێت، زیاد بوونی دەنگیش هەم لە دەنگە بزوێنەکان و هەمیش لە دەنگە نەبزوێنەکان بەرچاو دەکەون، ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو نموونانەی کەیان لە وشەی بێگانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی یان نموونەی وشەی لێکدراون و لەناو فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیدا دەبینرێن، دەکرێ ئەم گۆڕانە دەنگییانە وەك بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی فۆکۆلۆجی زمان ئەژمابکرێن لەوانە:

٣- ١) **زیادبوونی دەنگی ڤاوڵ:**

١- زیادبوونی فۆنیمی / و/

کوردستان ← کوردوستان

٣- ٢) **زیادبوونی کۆنسنانت**

١- زیادبوونی فۆنیمی / ت/ ، دەسەڵات ← دەستەڵات

٢- زیادبوونی فۆنیمی / ن/ ، ڕادیۆ ← ڕادوێن

٤ ) **سوانی دەنگ**

تێچوونی دەنگیش وەکو دیاردەیەکی زمانی، یەکێکی دیکەیە لەو گۆڕانانەی کە لەئاستی فۆنۆلۆجی زماندا ڕوودەدات، بەتایبەتی لەو کاتانەدا تێچوونی دەنگ دێتە ئاراوە، کە دوو فۆنیم یان زیاتر دەکەونە پاڵ یەکتری، بۆنموونە: لەگەردانکردنی وشەدا، دەنگێکی بزوێن تێدەچێت، چونکە بەپێی یاساکانی زمانی کوردی هەرگیز ناکرێ دوو دەنگی بزوێن بەدوای یەکتریدا بێت، هەرکاتێك دوو دەنگی بزوێن بکەونە پاڵ یەکتری بێ چەندو چۆن دەنگێك لەو دوو دەنگە تێدەچێت، وەکو:

ئەستێرە + مۆڕفیمی ناسادن ، ئەستێرە + ەکە = ئەستێرەکە

تەختە + ەکە = تەختەکە

لەهەردوو نموونەکەی سەرەوەدا کاتێك مۆڕفیمی ناسراوکردنی (- ەکە) یان دەچێتە سەر ئەوا دەنگی [ە] ی مۆڕفیمی ناسراوکردنەکە تێ دەچێت، چونکە دەنگی بزوێن ناکەوێتە سەرەتای بڕگەو وشەوە .

لەزۆر باری دیکەشدا، بەتایبەتی لەڕۆنانی وشەدا زۆرجار دەنگ هەیە تێدەچێت، ئەم حاڵەتە زیاتر لەکاتی دروستکردنی وشەی نوێ دێتە ئاراوە، مەرجیش نییە تەنها دەنگی بزوێن تێبچێت، بەڵکو دەنگە کۆنسنانتەکایش واتا دەنگە نەبزوێنەکانیش تێدەچن. لە دروستکردنی وشەی لێکدراو بەڕێگای داتاشین لەزۆربەی نموونەکاندا دەنگی [ئـ] تێدەچێت، ئەم حالەتەش زیاتر بۆ ئاسانکردنی کردەی ئاخاوتن و بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئاخاوتنە، وەکو:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

گۆشت + ئاو = گۆشتاو

سوانی دەنگیش وەك گۆڕانێك لە دەنگەکاندا گەلێك ڕاو بۆچوونی جیاجیای لەسەر دەربڕاوە، هەندێك بە تێچوونی دەنگ و هەندیکیشیان بە سوانی دەنگ ناوی دێنن. " تێچوون: بریتی یە لە سوانی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕینی، ئەم جۆرە گۆڕانەش کەبەسەر وشەو مۆرفیمەکاندا دێت لەئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لەسنووری جیاوازدا دێتەکایەوە، کە لە هەندێ حاڵەتدا، شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرن، بێ ئەوەی لەئەرك و واتایان کەم بێتەوە" (طالب حسێن عەلی، ١٩٨٩، ٥٨ )

کاتێ سوان دەنگ ڕوودەدات، کردەی ئاخاوتن و بەڕێوە چوونی پرۆسەی قسەکردن شێوەیەکی ئاسانتر وەردەگرێت، تێچوونی دەنگیش دەکرێ لەهەر شوێنێکی وشەدا ڕووبدات بەتایبەتی لەناوەڕاست و کۆتایی وشەدا.

بە واتەیەکی تر ئەگەر لە وشەیەکدا دووبڕگەی زۆر لەیەکچوو بوونیان هەبێ و، لەهەردوو بڕگەکەدا دەنگی هاوبەش هەبێ زۆرجار بەپێی بارودۆخی ژینگەی دەنگی، ئاساییە ئەگەر دەنگە هاوبەشەکە بسوێت، لەکاتێکدا، کە دەنگەکە لەتەك یەکترییەوە بن بەمەرجێك کار لە واتای وشەکە نەکات، بۆ نموونە:

میللەت ⟵ میلەت ، کەللەقەند ⟵ کەلەقەند

لە هەر دوو وشەکەدا، دەنگی [ ل]، کە دەنگێکی دووبارەیە، واتا دووجار هاتووە لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا بەم شێوەیە وشەکە درێژناکرێتەوە، بەڵکو بەکورتی گۆدەکرێت و دەنگێك تێ دەچێت. لەو بارەیەوە، ئەوڕەحمانی حاجی مارف بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە (ئەگەر دوو دەنگی کۆنسنانتی وێکچوو یاخود لێك نزیك بکەونە پاڵ یەك، ئەوە لەدەربڕیندا یەکێکیان ون دەبێت) (ئەوڕەحمان حاجی مارف، ١٩٧٦، ٥٤ )

وەکو: کورت + تر = کورتتر ⟵ کورتر

لە زۆر وشەدا، بەتایبەتی ئەگەر مۆرفیمی (تر)، کە مۆرفیمێکە بۆ خستنەسەر هاوەڵناوی چۆنیەتی بەمەبەستی نیشاندانی پلەی بەراورد بەکاردێت، بخرێنە سەر وشەکە، دەنگی پێش مۆرفیمەکە واتا دەنگی کۆتایی وشەکە پێش ئەوەی مۆرفیمی (تر) وەربگرێت، تێدەچێت، لەهەندێ کاتیشدا، کاتێك نیشانەی ناسراوی (کە) دەخرێتە سەر وشەیەك، دەنگی کۆتایی وشەکە لەکاتی ناساندنەکەدا تێ دەچێت، واتا دوای ئەوەی وشەکە دەناسێنرێت ئەو دەنگەی پێش مۆرفیمی ناساندنەکە دەکرتێت و نامێنت .

وەکو: ڕاست تر ⟵ ڕاستر ، دەنگی [ ت] ، تێچووە

وردکە نان ⟵ ورکەنان ، دەنگی [ د] ، تێچووە

ڕەحمان سمایل، لەسەر سوانی دەنگ بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێت: " کرتاندن یا سوانی دەنگێك یان بڕگەیەك لە وشەکاندا بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕینە، ئەم دیاردەیەش لەهەموو شوێنێکی وشەدا ڕوودەدات بەتایبەتی لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا زۆربلاوە" (ڕەحمان إسماعیل حسن، ١٩٩١، ٧٤ )

لە شێوە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا، ئەم دیاردەیە بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت و کردەی کرتاندنی دەنگ لە ناو وشەدا شتێکی ئاساییە و ئاخێوەر هەوڵ دەدات بەئاسانترین ڕێگا ئەو دەربڕاوە زمانیانە بگەیەنێتە بەرانبەرەکەی

و زیاتر لەبیری ئەوەدان کەواتا و مەبەستەکەیان بگەیەنن نەك چۆنیەتی نوسینەکە لەبەرچاو بگرن. خەڵکی هەمیشە لەبیری ئەوەدان کە پرۆسەی ئاخاوتن و دوان بەشێوەیەك ئەنجام بدرێت کە ئاستەنگیان لە دەربڕینی دەربڕاوەکانـدا بۆ دروست نەبێت و بەئاسانی و بەبێ ئەزیەت دانی ئەندامانی ئاخاوتن و درکاندن شتەکان دەربڕن ئەمەش پێویستی بەوە هەیە لەشوێنی گونجاودا دەنگێك یان بڕگەیەك بکرتێنێن بەمەرجێك ئەو کرتاندنی دەنگە یان بڕگەیە کار لەواتا و مەبەستی دەربڕاوە زمانیەکان نەکات.

بەپێی یاسا دەنگەکانی زمانی کوردی دوو دەنگی بزوێن یان پتر ناتوانن لەپاڵ یەکتردا بێن، "زۆر جار لە نێوان دوو دەنگی بزوێن دا نیمچەبزوێنێکی ( ی، y ، و W) پەیدادەبێ یان دەبێ بزوێنێك تێ بچێت، بەتایبەتی بزوێنی (ە)، لەکاتێکدا کە بزوێنێکی دیکەی دێتە پاڵ، ئەوە بزوێنی ( ە) تێ دەچێ. زیاتر لەو کاتانەدا، کە وشەکە کۆتایی بەبزوێنی (ە) هاتبێ و ئامڕازی ناسراوی (ەکە) دەخرێتە سەر وشەکە " (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦، ٥٤ )

نموونە: پەردە + ەکە ⟵ پەردەکە

لەم نموونەیەدا، دەنگە بزوێنی (ە) ی ئامرازەکە تێدەچێت، کاتێك ئامرازی ناساندنەکە دەخرێتە سەر وشەکە چونکە دوو دەنگی بزوێن بەوای یەکتردا نایەن و بزوێنیش ناکەوێتە سەرەتای وشە و بڕگەوە.

لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا زۆر بەدەگمەن پەنادەبرێتە بەر ئەوەی کە نیمچەبزوێنی (ی) یان (و) وەکو ناوبەندێك زیادبکرێت لەکاتی وەرگرتنی مۆڕفیمی ناساندندا، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاسایی دەنگە بزوێنی مۆڕفیمی ناساندنەکە تێدەچێت کاتێك وشەکە کۆتای بەدەنگی بزوێن هاتبێتە، هەروەها لەکاتی وەرگرتنی مۆڕفیمی (ان)ی کۆکردنەوەدا بەهەمان شێوە دەنگە بزوێنی کۆتایی وشەکە تێ دەچێت.

**٤-١) سوانی ڤاوڵ:**

تێچوونی ڤاوڵەکانیش وەك تایبەتمەندیەکی زمانی لەدەنگەکانی زماندا بوونی هەیە و لەشێوە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا ئەم دیاردەیە ڕوو دەدات، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

١- سوانی فۆنیمی / ە/

ئەم گۆڕانکاریە دەنگییە، لە دەنگە بزوێنەکاندا ڕوودەدات، لە کاتی کۆکردنەوەی ناودا.

أ- کۆکەدنەوەی وشەکە بەنیشانەی ( ان) ی کۆکردنەوە، وەکو :

تەماتە + ان⟵ تەماتان ، ئەستێرە + ان ⟵ئەستێران، بامیە + ان ⟵ بامیان

لەهەرسێ نمونەکەدا دەنگی [ ە] ی بزوێن لەکۆتایی وشەکەدا تێچووە، دوای ئەوەی نیشانەی ( ان) ی کۆی خراوەتەسەر، چونکە دوو دەنگی بزوێن بەوای یەکدا نایەن.

" لەو وشانەی کە کۆتاییان بەیەکێ لە دەنگە بزوێنەکانی (ە، ا، ێ) هاتبێ، لەکاتێکدا نیشانەی (- ەکە) ی ناسیاوی بخرێتەسەر، ئەوە دەنگی بزوێنی (ە) تێ دەچێت." (دڵبەر إبراهیم فەرەج شاڵی، ٢٠٠٠، ٧٦ )

ئــەم دیاردەیــە لــەئاخاوتنی مەنگورایەتیشــدا بەرچــاودەکەوێت، بــەبێ زیــادکردنی دەنگــی (ی) یــان (و) ی نیمچەبزوین وەکو ناوبەنـدێك، بـەڵکو ڕاسـتەوخۆ مـۆڕفیمی ناسـراوکردن دەخرێتـە سـەر وشـەکان و لەهەنـدێ نموونەدا دەنگە بزوێنی ( ە) ی مۆڕفیمەکە تێدەچێت وەکو:

خەنە ← خەنەکە ، ترێ ← ترێکە ، گەڵا ← گەڵاکە ، پەڕۆ ← پەڕۆکە

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بوترێ ئەوەیە، ئەو وشانەی کۆتاییەکەیان بەیەکێ لە دەنگە بزوێنـەکانی (ا، ۆ، ێ) هـاتووە، لـەکاتی خستنەسـەری مـۆڕفیمی (- ەکـە)ی ناسـاندندا، هەریەکـە لەدەنگـەکانی (ا، ۆ، ێ) لەدەربڕینـدا شێوەیەکی درێژ وەردەگریت و ئەوکاتە ئەلۆفۆنێکی هەریەکە لەو دەنگە بزوێنانە پەیدادەبێ شێوەی (ێ، ۆ، ێ)و دەنگەکان ئاوا دەگۆڕێن (ا←ێ، ۆ←ۆۆ، ێ←ێی[1] ) هـەروەها لـەم ناوانـەی خـوارەوەدا کـە لـەزمانی عـەرەبی وەرگـیراون و هاتونەتـە نـاو زمـانیی کـوردی فـۆنیمی / ە/ تێدەچـێت و لـەئاخاوتنی مەنگوڕایەتیـدا ناوەکـان لەدەربڕیندا کورتتر بەکاردەهێنرێن، چونکە کردەی ئاخاوتن و درکاندن ئاسانتردەکەن، ئامانەی خوارەوە بەشێکن لەو نموونانە:

فاتمە ← فاتم ،حەلیمە ← حەلیم ، ئامینە ← ئامین

لـە وشـەی ( بـاپیرە) ش، کـە نـاوێکی کوردییـە، لـە ئاخـاوتنی مەنگورایەتیـدا دەنگـی بـزوێنی (ە) کۆتـای وشـەکە تێدەچێت و دەبێتە (باپیر)، واتا : باپیرە ← باپیر

### ٤-٢) سوانی کۆنسنانت :

لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا، تێچوونی دەنگە کۆنسنانتەکان، دیاردەیەکی بڵاوە، بەو واتایەی کە لەزۆربـەی دەنگـە کۆنسـنانتەکاندا ڕوودەدات، بەشـێوەیەك کـە ژمارەیـەکی بەرچـاو لـە دەنگـە کۆنسـنانتەکان دەکەونـە نێـو ئـەو گۆڕانکارییە زمانییە کە لە ئاستی فۆنەلۆجی دا تووشی تێچوون دەبن، لەوانە:

١- سوانی فۆنیمی / د/

وردکردن ← ورکردن ، پادشا ← پاشا ، بەغداد ← بەغدا

٢- سوانی فۆنیمی / ت/

دیـارە تێچـوونی ئـەم فۆنیمـە زیـاتر لـە وشـە ناسـادەکاندا بەرچاودەکەوێت بەتایبـەتی لـەو حاڵەتانـەدا، کـە ئـەو فۆنیمـە دەکەوێتـە کۆتـایی بەشـی یەکـەمی وشـە ناسـادەکە، لـەو وشـە ناسادەشـدا، وشـەلێکدراوەکان زیـاتر ئـەم تێچوونە بەخۆوە دەبینن، بەتایبەتی لەو وشانەدا کە بەشی یەکـەمی وشـە لێکدراوەکـە مـۆڕفیمی (دەسـت) بێـت، ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو نموونانە:

دەست ماچکردن ← دەسماچکردن ، دەست کەوت ← دەسکەوت

٣- سوانی فۆنیمی / ب/

[1]) بۆ پیشاندانی درێژبوونی ڤاوڵەکانی ( ا، ۆ، ێ) و جیاوازی شێوەی درکاندنیان بەم شێوەیە کە بە دوای یەك هاتوون تۆمارکراون.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا تێچوونی فۆنیمی / ب/ تایبەتمەندییەکی دیاری دەنگییە، و لە زۆر حاڵەتدا ئەو تێچوونە ڕوودەدات، لەوانە:

أ- ئەگەر کارەکە، کاریکی داخوازی بێت، بەڵام لەڕووی ڕۆنانەوە کارێکی دارێژاوبێت بەهۆی پێشگرەوە، سوانی دەنگی [ ب]، واتا فۆنیمی / ب/ ی کارە داخوازیەکە دەسوێت، و پێشگری کارەکە ڕاستەوخۆ بەڕەگی کارەکەوە دەلکێت و وەك خۆی دەنووسرێتەوە، بەم شێوەیە کردەی ئاخاوتنەکە ئاسانتر دەکات و وشەکان بەبێ ئاستەنگ بەئاسانی گۆدەکرێن و دەدرکێنرێن، وەکو:

هەڵبگرە ← هەڵگرە ، دابنیشە← دانیشە ، ڕابکە ← ڕاکە ، تێ بکۆشە ← تێکۆشە

هەڵبهێنە ← هەڵێنە ، تێ بکە ← تیکە ، وەربگرە← وەرگرە ، تێ وەربێن ← تێوەرێن

لەهەندێ وشەی لێکدراودا، فۆنیمی / ب/ ، کە دەکەویتە سەرەتای بەشی دووەمی وشە لێکدراوەکە تێدەچێت و ناوترێت، بەبێ ئەوەی لەواتا و مەبەستی وشەکە کەم بکات، واتا کاریگەری لەسەر واتای وشەکە دروست ناکات وەکو:

بەخێربێن ← بەخێرێن

بەشەربێن ← بەشەرێن

ب - سوانی فۆنیمی / ب/ ، لە هەموو ئەو کارە داخوازیانەی کە ئاراستەی کەسی دووەمی تاك دەکرێن و شێوەیەکی دڵنیابوونەوە نیشان دەدان، کارە داخوازیەکان پاشگری (وە) وەردەگرن، دەتوانرێ مۆرفیمی (ب) داخوازیەکە لابرێت (بسوێت) و پاشگری (وە) ی کۆتایی کارەکە جێی مۆرفیمی (ب) بگرێتەوە، لەم حاڵەتەدا مۆرفیمی (ب) ی داخوازیەکە دەسوێت و پاشگری (وە) دەچێتە شوێنی، وەکو:

بخولێوە ← وەخولێ ، بخوە ← وەخۆ ، بسورێوە ← وەسورێ ، بگەرێوە ← وەگەرێ

بگێرەوە ← وەگێرە ، بکەوە ← وەکە ، بنووسەوە ← وەنووسە

٤- سوانی فۆنیمی / پ /

خراپ بووە ← خەرابووە ، خراپت کرد ←خەراتکرد، خراپترە ← خەراترە ، لە هەمانکاتدا دەنگێکی نوێ، کە دەنگی [ ە] یە لە وشەکاندا زیاد دەبێت و بەمەش دوو گۆڕانی دەنگی ڕوودەدات .

٥- سوانی فۆنیمی / ك /

لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا، دیاردەی تێچوونی فۆنیمی / ك/ زیاتر لەو وشانەدا تێدەچێت، کە مۆرفیمی ( کاك) دەخرێتە پێش یەکێك لەناوە تایبەتییەکانی مرۆڤ و وەکو ڕێزێك بۆ ئەو کەسە ( کاك فلان) بەکاردەهێنریت، بەڵام فۆنیمی / ك/، کە دەکەوێتە کۆتای مۆرفیمی (کاك) تیدەچێت لەبەشی هەرە زۆری بەکارهێنانی لەگەل ناوەکاندا ، وەکو:

کاك عومەر ← کاعومەر ، کاك عەلی ← کاعەلی

کاك حەسەن ← کاحەسەن ، کاك خدر ← کاخدر


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کاك ڕەسو ← كاڕەسو ، كاك عەولا ←كاحەولا

كاك حوسێن ← كاحوسێن ، لە مەنگورایەتیدا زیاتر( كاوسێن) بەكاردێت

لە هەندێ دەستەواژەی تردا، مۆڕفیمی ( كاك) وەكو خۆی دەوترێتەوە، واتا تێچوونە دەنگییەكە ڕوونادات، وەكو لەم نموونانەدا:

كاك كەمال ← كاك كەمال ، كاك وسو← كاك وسو، كاك جەعفەر ←كاك جەعفەر

لە هەندێ وشەی دیكەشدا، تێچوونی فۆنیمی / ك/ ، بەڕوونی بەرچاو دەكەوێت، وەكو:

ڕێككەوتن ← ڕێكەوتن، وێككەوتن ← وێكەوتن

چاكتر ← چاتر ، چاك بۆتەوە ← چابۆتەوە

٦- سوانی فۆنیمی / ن /

ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا بەگشتی لەم وشانەدا دەردەكەوێت، كە بەشی یەكەمی وشە لێكدراوەكە مۆڕفیمی ( بۆن) بێت، لەو كاتەدا فۆنیمی / ن/ لەمۆڕفیمی (بۆن) دا تێدەچێت، و لەهەندێ وشەی دیكەشدا تێچوونەكە ڕوودەدات ، وەكو :

بۆن سوتاو ← بۆسووتاو ، بۆن كڕوز ← بۆكڕوز

بۆن عەتر ← بۆحەتر ، بۆن گەنیو ← بۆ گەنیو

خانەنشین← خانەشین ، بەڵێن نامە ← بەڵێنامە ، پانتۆڵ ← پاتۆڵ

٧- سوانی فۆنیمی / خ/

ئەم دیاردەیەش، زیاتر لەو وشانەدا بەدی دەكرێت، كە ناوەلێكدراوەكە تایبەتە بەناوی كەسەكان و مۆڕفیمی (شێخ) دەكەویتە پێش ناوە تایبەتیەكە بەتایبەتی ئەگەر ناوی كەسەكە بەدەنگی [ ع، خ، م، ق] دەست پێ بكات، فۆنیمی /خ/ لەمۆڕفیمی (شێخ) دا تێدەچێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا:

شێخ عوسمان ← شێ عوسمان ، شێخ قادر ← شێ قادر

شێخ خدر ← شێ خدر ، شێخ عەلی ← شێ عەلی

شێخ عەباس ← شێ عەباس ، شێخ محەمەد ← شێ محەمەد

٨- سوانی فۆنیمی / هـ/

تێچوونی ئەم فۆنیمە زیاتر لەم وشانەدا دێتە ئاراوە، كە دەنگە بزوێنەكانی [ ە، ا، ێ ] دەكەونە دوای دەنگی / هـ/ و لەڕووی ڕۆنانەوە وشەكان ناسادەبن، بەتایبەتی لەوشەی داڕێژراودا، دەنگی [ ه] دوای پێشگرە كە، لەوشەی لێكدراویشدا دەنگی [ ه] ی مۆڕفیمی دووەمی وشە لێكدراوەكە، و لەهەندێ وشەی سادەش كە كاری داخوازیان لێ دروست دەكرێت، لەوانە:

هەڵهینان ← هەڵێنان ، وازهینان ← وازینان ، بهێنە ← بێنە

هەڵهات ← هەڵات ، ڕۆژهەڵات ← ڕۆژەڵات، هەڵهاوێژە ← هەڵاوێژە

لە هەندێ ناویشدا فۆنیمی / هـ/ تێدەچێت، جا ناوەکە سادەبێ یان ناسادە، وەکو:
زەهرا ← زارا ، شەهرەبان← شارەبان[2] ، قەهرەمان ← قارەمان[3]

٩- سوانی فۆنیمی / و / ی نیمچە کۆنسنانت

ئەم فۆنیمە زۆر جار وەك و دەنگێکی کۆنسنانت لەناو وشەو مۆرفیمەکاندا دەردەکەوێ، لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا لە زۆربەی ئەو وشانەی کە لە بنچینەدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراون فۆنیمی / و/ تێدەچێت، ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو نموونانە، کە فۆنیمەکە لە دەربڕیندا ناوترێت، وەکو:

کۆمپیوتەر ← کۆمپیتەر ، تەورداس ← تەرداس

١٠- سوانی فۆنیمی / ی/ ی نیمچە کۆنسنانت

ئەم فۆنیمەش لە زماندا زۆرجار و لە زۆر وشەدا وەك دەنگێکی نیمچە بزوێن دەردەکەوێ، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە دەنگییەکانی زمانی کوردی، لەئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا هەندێ جار و لەهەندێ وشەدا فۆنیمی / ی/ ی نیمچەبزوێن تێدەچێت، وەکو: ڤیدیۆ ← ڤیدۆ ، چای← چا

١١- سوانی دەنگی [ ئـ ] لە ناوەڕاستی وشەدا

ئەم دەنگە زیاتر لەو وشانەدا تێدەچێت، کە بەکردەی داتاشین وشەی لێکدراو دروست دەکەن، بەشێکی زۆری نموونەکان، لەوانەن کە تێچوونی دەنگەکە لەحاڵەتێکدا ڕوو دەدات، کە وشەیەکی نوێ دروست دەکرێت لە ڕێگای داتاشینی وشەوە ئەویش وشەی لێکدراوە، هەندێك نموونەی دیکەش هەیە، کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراون و لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا هەروەها دەنگی [ ئـ] لەم وشانەی خوارەوەدا بەهەمان شێوەی نموونەکانی سەرەوە تێچووە، وەکو:

گا + ئاسن = گاسن ، گوڵ ئەستێرە ← گوڵەستێرە
سەر + ئاورە = سەراورە ، سەیدئەحمەدان ← سەیدەحمەدان
میر + ئاو = میراو ، کارگە ئەسان ← کارگەسان دەنگەکە تێدەچێت، وەکو:
سەرئاورە ← سەراورە ، تۆبزئاوا ← تۆبزاوا ، شێخ ئاودەلان ← شێخاودەلان ، قادرئاوا ← قادراوا ،

٥) دەنگەگۆڕکێ :

یەکێکی دی لە پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان، کە لەزماندا بەشێوەیەکی بەربلاو وەك دیاردەیەك بەرچاو دەکەون دەنگە گۆڕکێیە، لەم گۆڕانە دەنگییەدا، دەنگێك جێی دەنگێکی دی دەگرێتەوە بێ ئەوەی کاربکاتە سەر گۆڕینی واتا .

[2] لە وشەی (شارەبان)دا، دەنگی [ ە] گۆڕاوە بە [ ا ]، ئینجا دەنگی [ هـ ] تێچووە.
[3] لە وشەی (قارەبان)دا، دەنگی [ ە] گۆڕاوە بە [ ا ]، ئینجا دەنگی [ هـ ] تێچووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم گۆڕانە دەنگییەدا ئـەوە ڕوودەدات، کـە دەنگێـك لـە بڕگەیـەك یـان لەوشـەیەکدا دەگۆڕێـت بـەدەنگێکی دی بەبێ ئەوەی کار لە واتای ئەو وشەیە بکات، هەندێ جار ئەو گۆڕانە دەنگییە، گۆڕانێك لەفۆڕمی وشەکەو شێوازی دەربڕینی وشەکەشدا دەکات، بەڵام کاریگەری لەسەر واتای وشەکە دروست ناکات .

لەزماندا ئەم جۆرە گۆڕانە دەنگیانە بەشـتێکی سروشـتی دادەنرێت، بەتایبـەتی لـەناو زارو لقـەزارو ئاخاوتنـە ناوخۆییەکاندا، چونکە هەموو ئـەو گۆڕانـە دەنگییانـە وادەکـەن کـە کـردەی ئاخـاوتن و قسـەکردن ئاسـان بـەڕێوە بـڕوات وقسـەکەر هەوڵـدەدات لـەکاتی دەربـڕینی دەربـڕاوە زمانییەکانـدا ئاسـتەنگی زمـانی بـۆ دروسـت نـەبێت و هیلاك نەبێت لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا ئەم دیاردەی دەنگە گۆڕکێییە بەشێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە .

أ- دەنگەگۆڕکێی ڤاوڵ بە ڤاوڵ:

١- گۆڕینی فۆنیمی/ i / بزرۆکە بۆ فۆنیمی / ی/

حزب ← حیزب ، لنگ ← لینگ [4] ، تارق ← تاریق

شعر ← شیعر ، ئیستکان ← ئیستیکان[5]

ئەمەش چەند نموونەیەکە لەوشەی لێکدراو :

ئاوزنگ ← ئاوزینگ ، سەرسنگ ← سەرسینگ

٢- گۆڕینی فۆنیمی / i / بزرۆکە بۆ فۆنیمی / ە/

خڕناشە ← خەڕناشە ، کراس ← کەراس ، خراپ ← خەراپ ، گرچەك ← گەرچەك

٣- گۆڕینی فۆنیمی / i / بزرۆکە بۆ / و/

کوردستان ← کوردوستان ، دلبەر ← دولبەر

٤- گۆڕانی فۆنیمی / ی/ ، بۆ بزرۆکە/ i /:

شیرین ← شیرن ، گیراوە ← گراوە[6]

٥-گۆڕانی فۆنیمی / و/ ، بۆ بزرۆکە/ i /:

زولێخا ← زلێخا ، قومە ئاو ← قمەئاو ، موراد ← مراد ، گوڵەبەڕۆژە ← گڵەبەڕۆژە

موسبەت ← مسیبەت ، موراقیب ← مراقیب ، موناقەشە← مناقەشە ، موزایدە ← مزایدە

[4]) لنگ: وشەیەکی هیند و ئەوروپییە، بڕوانە : عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، لێکسیکۆلۆجی، ل ٢٨.

[5]) ئیستکان: وشەیەکە لە زمانی ڕوسی وەرگیراوە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

[6]) گراوە: بە واتای بەندکردن دێت و ئەگەر کەسێك لەسەر تاوانێك بگیرێت، دەوترێت: فلان کەس (گراوە).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**موهەندیس ← مەهەندیس**

**٦- گۆڕینی فۆنیمی / ە/ بۆ فۆنیمی / ێ/**

**جەژن ← جێژن ، دەم کردن ← دێم کردن**

**٧- گۆڕینی فۆنیمی / ا / بۆ فۆنیمی / ێ /**

**کتاب ← کتێب ، بیانوو ← بێنوو ، ناوك ← نێوك ، ناوەند ← نێوەند**

**بەتەنیا ← بەتەنێ ، تۆپانێ ←تۆپێنێ ، قامیشەڵان← قامیشەڵێن**

**٨- گۆڕینی فۆنیمی / i / بۆ فۆنیمی / ی / ، لەم گۆڕانەدا، دەنگی [ نگ] دروست دەبێ .**

**زنگ ← زرینگ ، گرنگ ← گرنگ ، پڵنگ ← پڵێنگ**

**سنگ ← سینگ ، قورنگ ← قورینگ**

**٩- گۆڕینی فۆنیمی / ێ/ بۆ فۆنیمی / ە/ :**

**تێلەفۆن ← تەلەفۆن ، ئێنتەرنێت ← ئەنتەرنێت**

**١٠- گۆڕینی فۆنیمی / ێ/ بۆ فۆنیمی / ی/**

**داهێنان ← داهینان ، ڕاهێنان ← ڕاهینان ، ڕۆهێنان ← ڕۆهینان**

**١١- گۆڕینی فۆنیمی / ۆ/ بۆ فۆنیمی / ێ/ :**

**پۆلوو ← پێلوو**

**١٢- گۆڕینی فۆنیمی / وو/ بۆ فۆنیمی / ی/ :**

**ڕەژوو← ڕەژی**

**ب ــ دەنگە گۆڕکێی کۆنسنانت بە کۆنسنانت**

**١- گۆڕینی فۆ نیمی / ئـ / بۆ فۆنیمی / ح /**

**بەئاستەم ←بەحاستەم ، ئەرز ← حەرز ، قورئان ← قورحان**

**ئەبوبەکر ← حەبوبەکر ، سوئال ← سوحال ، ئاسمان ← حاسمان**

**٢- گۆڕینی فۆنیمی / د / بۆ فۆنیمی / ت /**

**خوارد ← خوارت ، نارد ← نارت ، نەوەد ← نەوەت ، سەد ← سەت**

**بژاردن ← بژارتن ، مهاباد ← مهابات ، هەردووك← هەرتووك**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣-گۆڕینی فۆنیمی / چ / بۆفۆنیمی / ش/

دەچیتە ماڵێ ← دەشتەماڵێ، بۆچیتە؟ ← بۆشتە؟ ، دەچێتەوە ← دەشتەوە

٤- گۆڕینی فۆنیمی / د/ بۆ فۆنیمی / ج/

دەڕنەفیز ← جەڕنەفیز ، خەدیجە ← خەجیجە ( خەجیج ، خەج)

٥- گۆڕینی فۆنیمی / ج/ بۆفۆنیمی / ژ/

ویجدان ← ویژدان ، ئەجداد ← ئەژداد

٦- گۆڕینی فۆنیمی / ع/ بۆ فۆنیمی / ئـ/

عێراق ← ئێراق ، عەشق ← ئەشق

عاقڵ ← ئاقڵ ، عاقیبەت← ئاقیبەت

٧- گۆڕینی فۆنیمی / هـ/ بۆ فۆنیمی / ئـ /

هاجەرە ← ئاجەرە، هاوەڵ زاوا← ئاوەڵ زاوا

٨- گۆڕینی فۆنیمی / ع/ بۆ فۆنیمی / ح/

گـۆڕینی فـۆنیمی / ع/ بـۆ / ح/ یەکێکـە لـەو گۆڕانکارییــە دەنگیانــەی کەبەشـێوەیەکی زۆر بــەربڵاو لــە ئاخاوتنەکانی سنووری ئاخاوتنی پشدەر و بیتوێن دا ڕەنگی داوەتەوە و بووە بەبەشـێك لـە کلتـووری زمـانی زاری ئـەو دەڤـەرە. " ئـەم گۆڕانــە دەنگییــە بـەزۆری لـەو وشـانەدا بـەدی دەکرێـت، کـە بەئەسـلی لـە زمـانی عـەرەبی وەرگیراون و هەندێك لەسەر ئەو ڕایەن کە هەندێ دەنگی کوردی وەك و دەنگەکانی [ع، ح] لەنەژاددا کوردی نـین و لەزمانی عەرەبییەوە، کەزمانێکی سامییە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە" (وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤، ٩)
لەئاخاوتنی مەنگوڕایەتیشدا ئەم ئاڵوگۆڕە دەنگییە مەودایەکی فراوانی گرتووە لەنێو ئاخاوتنەکانـدا و زۆرجـار و لە زۆربەی وشە عەرەبییەکانیشدا هەردوو دەنگەکە بەیەکتری دەگۆڕێن و لـەجیاتی یـەکتری بـەکاردەهێنرێن، بـۆ نمونە:

عەیبە ← حەیبە ، مەعنا ← مەحنا، عیادە← حیادە ، عادل← حادل ، بەعقوبە ← بەحقوبە

عەمەلیات ← حەمەلیات ، عومەر ← حومەر ،عەینەك ← حەینەك، عەدنان ← حەدنان ،

عەبداڵ ← حەبداڵ، عەسکەر ← حەسکەر، عەزیز← حەزیز ، عەمر ← حەمر

٩- گۆڕینی فۆنیمی / ح/ بۆفۆنیمی / ع/

لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا ئاڵوگۆڕ پێکردنـی هـەردوو فۆنیمەکـە وە بەپێچەوانەشـەوە بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەدی دەکرێت بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر واتای وشەکە دروست بکـرێ، ئامـانجی سـەرەکی ئـاخێوەران لەیـەکتر تێگەیشتن و گەیاندنی ماناو مەبەستە لە گۆکردن و دەربڕینی وشەکاندا بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەسلی وشەکە، وەکو:

حەوت ← عەوت ، حەمید ←عەمید، حاجی ← عاجی ،حەمەد ← عەمەد

محەمەد ← معەمەد ، حەزین← عەزین ، حەیوان ← عەیوان

١٠- گۆڕینی فۆنیمی / خ/ بۆ فۆنیمی / غ/

دەخیل ← دەغیل، بەخیل ← بەغیل ، خەزنە ← غەزنە، سەخی ← سەغی

١١- گۆڕینی فۆنیمی / غ / بۆ فۆنیمی / خ/

غافل← خافل ، غەرق ← خەرق، غەڵەت ← خەڵەت، غەمگین ← خەمگین

١٢- گۆڕینی فۆنیمی / خ/ بۆ فۆنیمی / ق/

کاخەز ← قاقەز ، ئێخە ← ئێقە ، شخارتە ← شقارتە، ئازوحە ← ئازوقە

١٣- گۆڕینی فۆنیمی / ح/ بۆ فۆنیمی / هـ/

حەمزە ← هەمزە ، حەق ← هەق ، حەفتە ← هەفتە

١٤- گۆڕینی فۆنیمی / ج/ بۆ فۆنیمی / چ/

پێنج ← پێنچ، برنج ← برنچ ، گەنج ← گەنچ

١٥- گۆڕینی فۆنیمی / ل/ بۆ فۆنیمی / د/

گۆڕینی فۆنیمی / ل/ بۆ فۆنیمی / د/، زیاتر لەو حاڵەتانەدا بەکاردێت کە ئەو فۆنیمە لەگەڵ فۆنیمی / ە/ لێك دەدرێت و برگە درەست دەکات، و لە شێوەی ئامرازدا بەکاردێت بەشێوەی ( لە .... دا ، لە .... ڕا) دەگۆڕێت بۆ شێوەی (دە ...دا ، دە ... ڕا) ، واتا ئامرازی (لە)[7] دەگۆڕێت بۆ (دە)، زیاتر لەو حاڵەتانەدا کە ئامرازەکە بۆ مەبەستی ( لەوێ بوون، تیدابوون، دەستپێکردن، پێکەوە بوون) بگەیەنێت، بەڵام لەحاڵەتی پرسیارکردن لە ( کەسێك یان شتێك) بۆ مەبەستی لەکوێیە ؟ واتا بۆ زانینی شوێنی لێبوون، ئامرازی ( لە ) بەکاردێت و نا بێت بە ( دە) ، بۆ نموونە:

لەگەڵ ← دەگەڵ ( بابم دەگەڵ مامم ڕۆیی )

لەناودا ← دەنێودا (شێوەکە دەنێو قابلەمەکەدێ) ، (قازەکە دەنیو ئاوێدا مەلەی دەکا)

لەپاڵ ← دەپاڵ ( مراویەکێ دەپاڵ مریشکەکێدا هێلکەی کردووە )

لەوێدا ← دەوێدا ( کەراسەکەی دەوێدا پشۆ )

لەشاییدا ← دەشیٚدا ( کچ هەموو دەشیٚدان )

لەوێڕا ← دەوێڕا ( مەڕەکێ دەوێڕا بێنە خوارێ )

---

[7]) بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی (لە) وەك خۆی بە بێ گۆڕان بۆ دەنگێکی دیکە، وەکو:

- بابت لە کوێیە؟ بابم لە ماڵێیە.

- لە کوێ دەخوێنی؟ ئەتوو لە کوێ دەخوێنی؟ لە مەکتەبی دەخوێنم.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٦- گۆڕینی فۆنیمی / گ / بۆ فۆنیمی / غ/

جگەرەكێش ← جغەرەكێش

١٧- گۆڕینی فۆنیمی / ل/ بۆ فۆنیمی / ڵ/

قەلەم ← قەڵەم، داخل كرا ← داخڵ كرا ، قابلەمە ← قابڵەمە

١٨- گۆڕینی فۆنیمی / ی / بۆ فۆنیمی / ئـ /

یەكجار ← ئێكجار، یاپراخ ← ئاپراخ، یەكاویەكە ← ئێكاوئێكە

١٩- گۆڕینی فۆنیمی / ق / بۆ فۆنیمی / خ /

نوقتە ← نوختە ، لەقتە ← لەختە

٢٠- گۆڕینی فۆنیمی / ق/ بۆ فۆنیمی / ك/

خەندەق ← خەندەك ، خەڵق ← خەڵك

٢١- گۆڕینی فۆنیمی / ف/ بۆ فۆنیمی / پ/

قەسفی كرد ← قەسپی كرد ، كەشفی كرد ← كەشپی كرد

هەموو ئەو گۆڕانە دەنگیانەی كە لەخوارەوەدا ئاماژەیان پێ دەكرێت لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا بوونیان هەیە، بەڵام لەبەر كەمی نموونەی پێویست بەجیا نووسراون .

٢٢- گۆڕینی فۆنیمی / ن/ بۆ فۆنیمی / چ/ ، نوقاندن ← چوقاندن

٢٣- گۆڕینی فۆنیمی / ش/ بۆ فۆنیمی / س/ ، ئەنگوشت ← ئەنگوست

٢٤- گۆڕینی فۆنیمی / پ/ بۆ فۆنیمی / ب/ ، پاڵتۆ ← باڵتۆ

٢٥- گۆڕینی فۆنیمی / ۆ/ بۆ فۆنیمی / وو/ ، مێرگەسۆر ← مێرگەسوور

٢٦- گۆڕینی فۆنیمی / ز/ بۆ فۆنیمی / ج/ ، زستان ← جستان

٢٧- گۆڕینی فۆنیمی / ك/ بۆ فۆنیمی / خ/ ، دكتۆر ← دختۆر

٢٨- گۆڕینی فۆنیمی / خ/ بۆ فۆنیمی / ك/ ، خۆخ ← كۆخ

٢٩- گۆڕینی فۆنیمی / س/ بۆ فۆنیمی / ن/ ، تەسجیل ← تەنجیل

٣٠- گۆڕینی فۆنیمی / ج/ بۆ فۆنیمی / د/ ، جووجكە ← دوچكە

٣١- گۆڕینی فۆنیمی / گ/ بۆفۆنیمی / ق/ ، گەپیان ← قەپان

٣٢- گۆڕینی فۆنیمی / و/ بۆ فۆنیمی / ێ/ ، بوستان ← بێستان

٣٣- گۆڕینی فۆنیمی / پ/ بۆ فۆنیمی / ت/ ، لووس و پووس ← لووس و تووس


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣٤- گۆڕینی فۆنیمی / و/ بۆ فۆنیمی / ڕ/ ، قورزەڵقۆت ⟵ قرڕەڵقۆت

٣٥- گۆڕینی فۆنیمی / ر/ بۆ فۆنیمی / ل/ ، قیرتاوکردن ⟵ قیلتاوکردن

٣٦- گۆڕینی فۆنیمی / ر/ بۆ فۆنیمی / ڵ/ ، قەرەباڵخ ⟵ قەڵەباڵخ

٣٧- گۆڕینی فۆنیمی / ر/ بۆ فۆنیمی / ن/ ، مردار ⟵ مندار

٣٨- گۆڕینی فۆنیمی / م/ بۆ فۆنیمی / ن/ ، موسیبەت ⟵ نسیبەت

٣٩- گۆڕینی فۆنیمی / ش/ بۆ فۆنیمی / چ/ ، چەکوش ⟵ چەکوچ

٤٠- گۆڕینی فۆنیمی/گ/ بۆ فۆنیمی/ ق/ ، تاك و تەنیا ⟵ تاق و تەنیا، تاکوتەرا⟵تاق و تەرا

٤١- گۆڕینی فۆنیمی / ن/ بۆ فۆنیمی / م/ ، نووسەکە ⟵ مووسەکە

**٦)جێگۆڕکێی دەنگ**

جێگۆڕکێی دەنگیش یەکێکی دیکەیە لەو دیاردانەی کە لەدەنگەکانی زماندا وەکو گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی بەدیاردەکەوێ، ئەم جێگۆڕکێیەش بەهۆی بوونی دیالێکتی زمانی جۆراوجۆرو لقە دیالێکتی جیاجیا و شێوەزاری ناوچەیی و ئاخاوتنە ناوخۆییەکان و هاتنە ناوەوەی وشەی بێگانە بۆناو زمان دەبنە هۆکار بۆ هاتنە ئارای ئەم گۆڕانە دەنگییانە. ئەوڕەحمانی حاجی مارف پێی وایە، کە " لە هەندێ وشەدا پاش و پێش خستنی دەنگ دەبینرێت" ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦، ٦٧ ) وەکو: بەرف ⟵ بەفر

لەنێوان هەردوو دیالێکتی کرمانجی ژوورو خوارودا جێگۆڕکێی دەنگ دەکرێت، ئەمەش لە ئەنجامی درکاندنی وشەکان بەشێوەی جیاواز لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە دێتەئاراوە، بەتایبەتی ئەو وشانەی کە لەزمانێکی دیکەوە دێتە ناوزمانەوە، دوای ئەوەی کە ئاخێوەرانی زمان وشە وەرگیراوەکە بەهەڵگەراوەیی بەکاردێنن، واتە لەم دیاردەیەدا دوو دەنگ یان زیاتر لە وشەکەدا جێگەیان دەگۆڕنەوە و وشەکە وەکو خۆی بەکارنایەت، هەندێك جاریش وشەکە بەهەردوو شێوەکەی بەکاردێت، لەوانەیە ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانیش کاریگەرییان لەسەر هاتنە ئارای ئەو دیاردەیەوە هەبێت تەنانەت چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکانیش هۆکارن، کە ئاخاوتنەکانیان ببێتە مایەی هاتنەئارای ئەو دیاردەیە.

لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگ بەشێوەیەکی بەربڵاو دەردەکەوێ بەتایبەتی لەو وشانەدا کە لەزمانی بێگانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، بەڵام زیاتر لە دەنگە لێك نزیکەکاندا ڕوودەدات واتا لەو دەنگانەدا کە لە پێکهاتەی وشەدا دەکەونە دوای یەك یان دوو دەنگ لێك دوورتر، چونکە ئاخێوەر هەمیشە هەوڵ دەدات دەربڕاوە زمانیەکان بەئاسانترین شێوە بدرکێنێت و گۆبکات بۆیە ئەگەر لەم ڕێگەیەوە پاش و پێش بەدەنگیش بکات بۆی نابێتە کێشە، چونکە ئاخێوەر دەیەوێ ئاسانکاری لەدەربڕیندا بێتە ئاراوە بەمەرجێك ئەو وشەیە لە واتا و مەبەستە بنەڕەتیەکەی خۆی لانەدات، واتا جێگۆڕکێیەکە کاریگەری لەسەر واتای دەربڕاوە زمانییەکان دروست نەکات، ئەمەش هەندێ نموونەیە کە جێگۆڕکێی دەنگیان تێداکراوە: جومعە ⟵ جوعمە، روبع ⟵ روعب


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

،تیۆتا← تویّتا، چاوەڕوانی ← چاوەنواڕی، سەرین ← سەنیر، ملیۆن ← ملوێن
تەلەفیزیۆن ← تەلەفزوێن، لەعنەت ← نەحلەت ، باڵیۆز ← بالۆێز

زۆر نموونەی دیکەش هەیە، کە جێگۆڕکێی دەنگییان تیاکراوە و هەمان واتاو مەبەستی وشە ئەسڵییەکەش دەگەیەنێت، ئەم دیاردەیە بەئاسایی وەردەگیرێت لە زماندا.

### ٧) تێکەڵ کردنی دەنگ

کۆمەڵێ گۆڕانکاریی جیاجیای دەنگی لە فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا ڕوودەدات، هەموو ئەو گۆڕانە دەنگییانە بەمەبەستی ئاسانکردنی کردەی ئاخاوتن و بەرەو ئاسان بردنی زمانە لەلایەن ئاخێوەرانیەوە، یەکێك لەو گۆڕانە دەنگییانە لێکدانی فۆنیمەکانە، واتا تێکەڵ کردنی چەند فۆنیمێك و گۆڕانیان بەفۆنیمێکی تازە، کەهەمان واتای پێشووی هەبێ، واتا بەبێ ئەوەی کار لە واتای وشەکە بکات ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا شتێکە بوونی هەیەو لەچەندین وشەی جیاجیادا بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێت لەزمانەوانی فارسیدا بەم دیاردەیە دەوترێت (إدغام).

#### إدغام _ تێکەڵ کردن:

تێکەڵکردنی دوو فۆنیم یان زیاتر زۆرجار لە زماندا ڕوودەدات و بەیەکێك لە گۆڕانە دەنگییەکانی زمان ئەژمار دەکرێت، زمانی کوردیش بەدەر نییە لەم گۆڕانە دەنگییەو لە زۆر وشەدا تێکەڵکردنی دوو فۆنیم یان زیاتر فۆنیمێکی جیای لێ بەرهەم دێت.

"یەکێکی تر لە گۆڕانە فۆنییمەکان تێکەڵکردنی فۆنیمە، تێکەڵکردن تایبەتمەندیەکی دوو فۆنیمیە لەیەکێکی تردا و گۆڕانی دوو فۆنیمەکەیە بە فۆنیمێکی تر، وەکو : جنب ←جم، ژنب← ژم" (مهری باقری، ١٣٨٨، ١٢٩ )

لەو پێناسەیەدا، دەگەینە ئەو ڕایەی کە ( إدغام)، کردەیەکە لە فۆنیمەکانی زماندا ڕوودەدات بەتێکەل کردنی دوو فۆنیمی جیا لەیەکتر فۆنیمێکی دیکە پەیدا دەبێت، واتا دوو فۆنیمەکە دەگۆڕێن بە فۆنیمێکی دیکە، لەم دوو نموونەیەی ئاماژەمان پێکردن، دوو فۆنیمی سازگە جیاوز لێك دراون و فۆنیمێکی تازە پەیدابووە، لەم نموونانەی سەرودا دوو پرۆسە ڕوویداوە، جارێکیان گۆڕینی فۆنیمی /ن/ بۆ فۆنیمی / م/ ، و جارێکیشیان سوانی فۆنیمی /ب/ یە، ئینجا نموونەکان هاتوونەتە ئارا، وەکو: جنب ←جم، ژنب← ژم، بەڵام نووسەر ئەم گۆڕانە دەنگییەی لە زمانی فارسیدا بە تێکەڵکردنی دەنگ ئەژمار کردووە.

یەکێك لە تایبەتمەندییە دەنگییەکانی دیکەی زمانی کوردیش ئەو دیاردەیەیە، کە لەئاخاوتندا بەباشی بەرچاو دەکەوێت لەوانە: تێکەڵ کردنی هەردوو فۆنیمی / ە، و/ فۆنیمی / ۆ/ پەیدادەبێت، یان لە هەردوو فۆنیمی / ە، ی/ فۆنیمی / ێ/ پەیدادەبێت، و لە تێکەڵکردنی هەردوو فۆنیمی/ ئـ ، ە/ ، فۆنیمی / ا / پەیدادەبێت، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە :

پەیرەو ← پێڕەو ، خانووەکە ←خانۆکە، تەئریخ ← تاریخ ، تەئخیربووە ←تاخیربووە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# ئەنجام

**ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەم چەند خالەدا کۆکراوەتەوە:**

**- له شێوه ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا بە هۆی کاریگەری دەنگە کۆنسونانتەکان دراوسێی یەك، گونجانی تەواو و گونجانی ناتەواو به گشت جۆرەکانی بوونیان هەیەز**

**- له شێوه ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا له چوارچێوەی برگە و وشەدا هەندێ دەنگ پێکەوە دەرناکەون و بە پێی جۆر و شوێنی دەنگەکان چەند چارەسەرێك هەیه بۆ ئەم کێشەیە، وەك: سوانی یەکێ لە دەنگەکان، زیادبوونی دەنگ، گۆڕانی دەنگ... هتد، که له کۆنسونانت و ڤاوڵەکانی مەنگوڕایەتیدا بەرچاو دەکەوێ.**

**- سوان وەك پرۆسەیەکی فۆنۆلۆجی بڵاو له مەنگوڕایەتیدا بوونی هەیە.**

**- دەنگەگۆڕکی له رووی چۆنایەتییەوە زۆرترین جۆری گۆڕانی تێدایە، له هەردوو جۆری کۆنسونانت و ڤاوڵ ئەم گۆڕانە بەدی دەکرێت.**

**- ئەو وشانەی که پرۆسەی جێگۆڕکێی دەنگیان بەسەر دێت به زۆری وشەی بێگانەن و دوای هاتنیان بۆ ناو شێوە ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا ئەم گۆڕانە دەنگییەیان بەسەر هاتووە.**

**- تێکەڵکردن به بەراورد لەگەڵ پرۆسە فۆنۆلۆجییەکانی تر، نموونەی کەمتری له شێوه ئاخاوتنی مەنگوڕایەتیدا بەرچاو دەکەوێت.**

## ليستى سەرچاوەكان

**يەكەم/ بەزمانى كوردى**

١- ئەورەحمانى حاجى مارف(١٩٧٦)، زمانى كوردى لەبەر ڕۆشنايى فۆنەتيكدا، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد، بەغدا.

٢- دەرون عبدالرحمن صالَح (٢٠١٢)، ئيكۆنۆمى لەئاستەكانى زمانى كورديدا، چاپخانەى حاجى هاشم، هەولێر.

٣- دلبەر إبراهيم فەرەج شالَى (٢٠٠٠)، ياسا دەنگييەكانى زمانى كوردى، نامەى ماستەر، كۆلێژى زمان، زانكۆى سلێمانى.

٤- رەحمان إسماعيل حەسەن (١٩٩١)، بڕگە و ئاسانبونى بڕگە لە زمانى كورديدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى ئاداب، زانكۆى سەلاحەدين، هەولێر .

٥- شيلان عومەر حسەين (٢٠٠٩)، (ئيديۆم) چەشن و پێكهاتنى لەزمانى كورديدا، چاپخانەى ڕەنج، سلێمانى.

٦- طالب حسێن عەلى (١٩٨٩)، فۆنۆلۆجى كوردى و دياردەى ئاسان بوونى فۆنيمەكان لەزارى سلێمانيدا، نامەى ماستەر، كۆلێژى ئاداب، زانكۆى سەلاحەدين، هەولێر.

٧- طالب حسێن عەلى (٢٠٠٥)، فەرهەنگى زاراوەكانى دەنگسازى (ئينگليزى - عەرەبى - كوردى)، چاپى يەكەم، ئاسۆى پەروەردەى (٢٨)، هەولێر.

٨- غازى عەلى عورشيد (٢٠١٠)، فۆنەتيك و فۆنەلۆژى، چاپ و پەخشى سەردەم، چاپى يەكەم، سلێمانى.

٩- محەمەدى مەحوى (٢٠٠٨)، فۆنەتيك و فۆنەلۆژى، بەرگى دووەم (فۆنۆلۆژى)، زانكۆى سلێمانى.

١٠- مسعود محەمەد (١٩٧٥)، فۆنەتيك چيمان بۆ بكات، بەشى يەكەم، گۆڤارى كۆڕى زانيارى كورد، بەرگى سێيەم، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد، بەغدا.

١١- وريا عومەر ئەمين (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆيەكى ترى زمانەوانى، چاپى يەكەم، چاپ و پەخشى ئاراس، هەولێر.

**دووەم/ زمانى فارسى**

١٢- آيت الله رزمجو، هيبت الله رزمجو(١٣٨٦ك.هـ.)، گويش شناسى، گويش لرى كهگيلويه بررسى و توصيف نظام آوايى، چاپ و صحافى معراج، فرهنگستان زبان و ادب فارسى، تهران.

١٣- بى جن خان محمود (١٣٨٩ ك.هـ.)، واج شناسى، چاپ سوم، سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم إنسانى.

١٤- على رضايى (١٣٨٧ ك.هـ.)، زبان و زبان شناسى، مجله انجمن زبان شناسى ايران، علمى - پژوهش، چاپخانه جهان كتاب، تهران.

١٥- مهرى باقرى (١٣٨٨ ك.هـ.)، مقدمات زبانشناسى، مجموعه فنون مفاهيم ادبى ٤ ،چاپ دوازدهم، تهران.

١٦- مهدى مشكوه الدينى (١٣٧٤ ك.هـ.)، ساخت آوايى زبان، مشهد، دانشگاه فردوسى .

**الملخص**

**عنوان هذا البحث (العمليات الفونولوجية في اللهجة المحلية المنكورية) الذي يتناول العمليات الفونولوجية الموجودة في المنكورية ( المنكورية هي فرع من اللهجة الكرمانجية الوسطى). البيانات مأخوذة في الكلام المتحدثون بهذه اللهجة، و في بعض الاماكن استخدم الباحث نموذجاته اللغوية، كونه المتحدث بالمنكورية.**

**الهدف في هذا البحث هي الاجابة على الاسئلة التالية:- هل العمليات الفونولوجية موجودة و نشيطة في المنكورية؟**

**- ما هي الخصائص اللغوية في المنكورية؟ و هل يوجد علاقة بينها و بين العمليات الفونولوجية؟**

**في هذا البحث، قام الباحث بتطبيق مجموعة من العمليات الفونولوجية، مثلا( الإدغام، الإخفاء، زيادة وسط، ... الخ.**

## Abstract

This research is entitled (The Phonological Process In Mangurayaty sub-dialect). It aims to study the sound changes which occur in this sub-dialect. The research is devoted to Mangurayaty sub-dialect and the data is taken from the daily speeches of the speakers in this area, and in some place, the researcher uses his examples depending on his linguistic knowledge. The study is a descriptive study.

The research aims to answer the following questions: Are the phonological processes occur and active in Mangurayaty sub-dialect? What are the linguistic properties of Mangurayaty sub-dialect and are they related to the phonological processes?

In this research, some phonological processes are examined on Mangurayaty sub-dialect as: Assimilation, dissimilation, epenthesis, Elision…etc.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)